دەرچووی زانکۆیەو خزمەتکاری پێدەکەن

جیرۆکی ژیانم

باوکی هەرمان بەشی یەکەم

ژنەکەم حەجمانی لێهەڵسابوو، دەیگوت و نەیدەبڕیەوە:" ئاخر پیاوەکە هەموو برادەرەکانت خزمەتکاری بیانییان گرتووەو کاریان پێدەکەن! بۆچی بیر لە من ناکەیتەوە؟ تاکەی هەر راکە راکەم بێ و نەحەسێمەوە! مەگەر ژنەکانی برادەرەکانت لە من باڵاترو خانەدان ترن! ئەدی هەموومان پێکەوە لەو دیو نەبووین، ئەوان وەکو منیش ماندوو نەبوون، من برسێتیم قەبوڵ دەکرد و منداڵەکانم بۆ بەخێو دەکردیت، ئێستاش پیاوی باش بەو بڕۆ ژنێکی ئازاو لێهاتوو بێتە با خزمەتکاریمان بکات"

لێتان ناشارمەوە منیش حەز دەکرد لە لای برادەرەکانم خۆم هەڵبکێشم و بلێم منیش خزمەتکاری ئەجنەبیم گرتووە. بەهۆی یەکێک لەوانەی کە خزمەتکاری بێگانەیان گرتبوو، ئەمنیش پەیوەندیم بە کۆمپانیای... کرد و داوای خزمەتکارێکم کرد. ئەوان لەو کاتیدا کەسی بەردەستیان نەبوو، بەڵام بەڵێنیان پێدام دوای مانگێک دانەیەکی باشمان بۆ بهێنن. کابرای کۆمپانیا زۆر ستایشی ئەو ژن و کچانەی دەکرد کە ئەوان دەیانهێنن. ئەو دەیگوت" باوەڕەت هەبێ بارتەقای دە ژنی خۆمانە کار دەکەن و ماندوو نابن! ئەوانە خوا خوایانە لە ماڵێک تێر بە زگی خۆیان خواردن بخۆن. ئەوان لە برسان دێن، دواییش زۆر دڵیان بە کوردستان دەکرێتەوە.

تا ئەو سی رۆژەمان بە رێکرد، هاوسەرەکەم دڵی کون کردم. رۆژانە دەیان جار تەلەفۆنی بۆ دەکردم و پرسیای دەکرد. ئێواران کە دەگەڕامەوە ماڵ بەر لەوەی بەخێرهاتنەوەم لێبکات، سۆراخی خزمەتکارەکەی دەکرد. ئەو پێیوابوو خاوەن کۆمپانیا درۆمان دەگەڵ دەکات. ئەو دەیگوت" ماڵی فلانە کەس بە یەک رۆژ چوونە کۆمپانیا و خزمەتکارێکی دەست رەنگینیان هێنا. ماڵی فیسار هەر بە تەلەفۆن دانەیەکی ئازایان بۆ هێنانە ماڵەوە. ئەدی باشە بۆ ئەوەی ئێمە ئەوەندە دوا کەوت؟!

سەرەنجام دوای سی رۆژی رێک لە کۆمپانیاوە تەلەفۆنمان بۆ کرا کە سەردانیان بکەین، وەجبەیان هێناوە باشترە بۆ خۆمان بچین بە دڵی خۆمان دانەیەک هەڵبژێرین. خێزانم پەڵپی گرت کە خۆی دەچێ و دانەیەک هەڵدەبژێرێ. من نەمدەزانی بۆچی پێداگری دەکات کە خۆی بچێ و بە دڵی خۆی یەکێک هەڵبژێرێ!! بۆ ئەو مەبەستە دوو پاسەوانم لەگەڵ هاوسەرەکەم رەوانە کرد. هەمووی کاژێرێکی نەبرد و هاتنەوە. کچێکی ئەسمەری لاوازیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو. بەرائەت لە نێو چاوانیدا دەباری. کرو بێدەنگ لە دوایانەوە دەرۆیشت، هاتنەوە ژوورێ و سڵاویان کرد. منداڵەکان هەموویان لە دەوری کۆبوونەوە، یەک یەک سەیریان دەکرد. بە هاتنی خزمەتکار خۆشحاڵ و کامەران ببوون. کوڕە بچکۆڵەکەم واقی ورمابوو، زەق زەق سەرنجی لێدەدا، ژنی لەو شێوەی نەدیتبوو. ئەویش لە شەرمانا سەری داخستبوو. هێواش هێواش دەمی دەجولا. گرفت لەوەدابوو یەک وشەی لی تێنەدەگەیشتین. خێزانم دەیگوت: زمان گرفت نیە بە ئاماژە هەموو شتێکی تێدەگەیەنین. هەر چەند رۆژێکەو بۆ خۆی ئیشەکانی خۆی دەزانێ.

یەکەمین رۆژ نەمانهێشت دەست لە هیچ بدات. خێزانم چێشتی دروست دەکرد و بە ئاماژە تێی دەگەیاند. ئەو لە ناندینەکەوە حەپەسابوو. نەماندەزانی بە چۆنیەتی چێشت لێنان سەرسام بوو یان بە ناومالەکەمان! ئاخر خێزانم لە کرینی ناومالێش لاسایی ژنەکانی هەڤاڵەکانمی کردبۆوە، لەهی ئەوان جوانتر نەبووایە نەیکڕیبوو. ناو ماڵەکەمان تازە مۆدێل بوو. منداڵەکان ژووری تایبەتی خۆیان هەبوو، جگە لە ژووری پێشوازی، ژووری نووستن و خوێندنەوەو ژووری میوانی تایبەتیشمان هەبوو. ئەو لە وڵاتێکی هەژارەوە هاتبوو، کچی بنەماڵەیەکی هەژاریش بوو. لە سیمایدا ئەو راستیانە دەخوێندرانەوە.

هاوسەرەکەم ژوورێکی بچووکی بۆ ئامادە کردبوو، بەڵام من پێمباشبوو کە لە ژووری کچەکان و لەگەڵ ئەواندا بخەوێ. کچەکانیش بەو پێشنیارە رازی بوون، بەڵام خێزانم پێشنیارەکەی رەت کردەوە، پێیوابوو کە نابێ شەرمی بشکێ ، دەبێ هەست بکات کە خزمەتکارە و بۆ کارکردن هاتووە!

کاتێ ئەو کچەیان هێنابوو، تەنیا جانتایەکی بچووکی لە دەست دابوو، بەوهۆیەوە دەمانزانی کە جل و بەرگی کاریکی ئاسان نیە، بۆیە هێندە بایەخم پێتەدا و داوام لە منداڵەکان کرد کە سەبارەت بە گریانەکەی پرسیاری لێنەکەن.

بەهۆی ئەو چەند رۆژە هەستمان کردبوو کە حەز بە کوردستان دەکات، چونکە یەک دوو جار لەگەل کچەکانم چووبووە بازاڕ. کچەکان دەیانگێڕایەوە و دەیانگوت: بەر لەوەی جلەکانی لەبەر بکات لەبەر ئاوێنە راوەستابوو، ئەندازەی دەگرت و خۆی پێوە بادەدا، بەوهۆیەوە دەمانزانی کەیفی بە جلەکانیشی هاتووە، بەڵام نەماندەزانی بۆچی هێندە نیگەران و دڵتەنگە، من بۆ خۆم وامهەست دەکرد کە دوای چەند ماوەیەک ئولفەت دەگرێ و لەگەڵ ئێمە رادێ، بەڵام هەستمان دەکرد رۆژ دوای رۆژی نیگەران و دڵتەنگ تر دەبێ. هەرچەندە کارەکانی خۆی ئەنجام دەدا، هەوڵی دەدا کوردی فێر ببێ. کۆمەڵێک پرسیار لە گەرووەدا قەتیس مابوون، وشەگەلێک لە سەر زمانیدا گیریان کردبوو، نەیدەتوانی دەریان ببڕێ. من هەستم دەکرد کە حەز بە کارەکەی ناکات. دەروونی ئەوم دەخوێندەوە. هەفتەمین رۆژ مۆبایلەکەم دایە دەستی و تێمەگەیاند دەتوانێ تەلەفۆن بۆ ماڵەوەیان بکات. زۆر بە خۆشحاڵیەوە تەلەفۆنەکەی وەرگرت. دەفتەرەکەی لە نێو جانتاکەی دەرهێنا، دواتر ژمارەکەی لێدا. لەبەرچاوی ئێمەدا نەیدەویست قسە بکات. من هەستم بە نیگەرانیەکانی کرد، بە ئاماژە تێمگەیاند تا بچێتە ژوورەکەی خۆی. کچە بچووکەکەم کە تەمەنی ١٤ ساڵان دەبێ بە دوایدا چوو. بینی بووی دەگری، بەپەلە هاتەوە لامان و بۆی گێڕاینەوە کە لە تەلەفۆندا قسە دەکات و فرمێسک هەڵدەرێژێ. من ئەوەم بە ئاسایی وەرگرت، دەمزانی دابڕان و دوور کەوتنەوە لە خۆشەویستان بەڵام خۆشی لێتەدەهات، کچەکان دەیانگوت هەرکاتێ سەیری کتێبەکانم دەکات ئاهێکی قوڵ هەڵدەکێشێ. دەیانگوت وردە وردە ئینگلیزی دەخوێنێتەوە.

من حەزم دەکرد لەنێو کچەکاندا بژی و بە خێرایی کوردی فێر ببێ، بەڵام خێزانم دەیگوت با سەتەلایتێکی بۆ لە ژوورەکەی دابنێین و بۆخۆی سەیری ئەو کەناڵانە بکات کە حەزیان پێدەکات. هاوسەرەکەم رێگری لە کچەکان دەکرد و پێیناخۆش بوو کە ئەوان دەچنە لای و گاڵتەو یاری لەگەڵدا دەکەن. خێزانەکەم کچە هەژارە، بەڵام نەمدەزانی بۆچی هێندە سەرسەخت و دڵڕەقانە رەفتاری لەگەڵدا دەکات. ئەو هەرگیز حەزی نەدەکرد من لەگەڵیدا بدوێم. زۆر جاران پێیدەگوتم" باش نیە تۆ قسە لەگەڵ خزمەتکار بکەیت، دوایی با فکری خراپت لێ نەکات!" من خۆشم لەو قسانە نەدەهات، بەزەییم پێی دەهاتەوە، دەمویست وەکو کچەکانم بیدوێنم و قسەی خۆشی لەگەڵدا بکەم.

رۆژێکیان میوانمان نەبوو، من و هاوسەرەکەم بە تەنیا لە ماڵەوە بووین، بۆیە بانگی لای خۆمم کرد و هەندێ پرسیارم لێکرد. ئەوکاتە لەهەندێ وشەی کوردی تێدەگەیشت، هەوڵی دەدا بە کوردیش وەڵامەان بداتەوە. من سەبارەت بە کارەکەی پرسیارم لێکرد. ئەو نەیدەویست نارازیبوونی خۆی پێشان بدات، بەڵام تێیگەیاندم کە ئەو بۆ خزمەتکاری نەهاتووە، ئەو پێیگوتراوە لە کۆمپانیایەک وەکو سکرتێرە یان وەکو کارمەند کاری ژمێریاری دەکات، ئەو تێیگەیاندین کە دەرچووی کۆلیژەو کەسێکی ئاسایی نیە، بۆیە حەز بە کارەکەی ناکات.

ئامۆژگاری بۆ ژنانی باردار

ئامادەکردنی : نەشمیل کەریم

دەستەیەک لە لێکۆڵەرەوانی ئێرانی سەبارەت بە خواردنی دەنکۆڵە (حەب) و کەپسولی ئاسندار لە ماوەی باردارییدا ئاشکرایان کردووە کە ئەو جۆرە دەنکۆڵەو کەپسولانە کاریگەری خراپ لەسەر ژنانی باردار جێدەهێڵن، بەوهۆیەوە رێنوێنی و ئامۆژگاری ژنانی باردار دەکەن کە ئەو دەرمانانە بەکار نەهێنن و دوورەپەرێزی لێبکەن.

زۆرینەی ژنانی باردار دووچاری کەم خوێنی دەبنەوە، بەوهۆیەشەوە بەکارهێنانی دەنکۆڵەو کەپسولی ئاسنداریان بۆ پێشنیار دەکرێ، لە کاتێکدا خواردنی ئەوانە بەخراپە بۆسەر تەندروستی خودی ژنەکەو منداڵەکەی دەشکێتەوە.

هەندێک لە ژنانی باردار بەرێژەیەکی زۆر سوود لە دەرمانی ئاسندار وەردەگرن، ئەو دەنکۆڵەو کەپسولانەش تایبەتی مادەی ئاسنن یان لەگەڵ مەڵتی ڤیتامین ئاوێتەکراون و لە بازاڕەکاندا دەفرۆشرێن، زۆر جارانیش پزیشکان بۆ خۆیان بۆ ژنانی باردار دەیان نووسن، بەڵام بێ ئاگان لەوەی کە دژە کردار بەرهەم دێنێ و مەترسی لەسەر تەندروستی دروست دەکات.

هەرچەندە کە لێکۆڵینەوەکە لە لایەن زانستگەیەکی ئێرانەوە ئەنجام دراوە، بەڵام لە بڵاوکراوەی مامانی و لە دایک بوون لە بەریتانیادا بڵاوکراوەتەوە، پێشنیار بە ژنانی باردار دەکات کە رۆژانە تەنیا سی میلی گرام ئاسن مۆڵەت پێدەدرێ، ئەگەر لەوە زیاتر بوو مەترسی لە سەر گیانی ژنەکەو کۆرپەکەی دروست دەکات. پزیشکانی بەریتانیا رێنوێنی و ئامۆژگاری ژنانی باردار دەکەن و دەڵێن: دەبێ ئەو رێژەیەش بە پرس و راوێژی پزیشکی پسپۆڕ بەکار بهێنرێ.

ئاژانسی ستانداری بابەتی خۆراکی بەریتانیا دەڵێن: ئەو دەنکۆڵەو کەپسولە ئاسندارانەی کە ئاوێتەی مەڵتی ڤیتامین دەکرێن و لە کارخانەکانی بەریتانیادا بەرهەم دەهێنرێن، رێژەیەکی کەمی ئاسنیان تێدایە، بە شێمانەی زۆرەوە مەترسی بۆ ژنانی باردار دروست ناکەن و دەتوانن بەبێ دوو دڵی بەکاریان بهێنن.

راستیەکەی کەم خوێنی گرفتی گشتی ژنانی باردارە، ئەگەر رێگری لێنەکرێ لەوانەیە لەدایک بوونی پێشوەختی لێبکەوێتەوە یان منداڵ بەرەو کێشی نا ئاسایی ببات. کەم خوێنیش لە ئاکامی کەمبوونەوەی خڕۆکەی سووری خوێنەوە دروست دەبێ، بەکارهێنانی ئاسن، واتە خواردنی دەنکۆڵەو کەپسولی ئاسندار کۆمەک بە بەرهەم هێنانی خڕۆکەی سوور دەکات. بۆیە لە کاتی نەخۆشی کەم خوێنیدا پزیشکان ئەو دەرمانانە بۆ ژنانی باردار دەنووسن.

لێکۆڵەرەوانی زانستگەی پەروەردەی تاران دەیانویست کەپسولی تەواوکاری ئاسن بۆ ئەو ژنانەی کە خڕوکەی سووریان ئاساییە دەکاربێتن، بەوهۆیەوە لە ماوەی باردارییدا داوایان لە ٣٧٠ ژنی باردار کرد کە رۆژانە سەدو پەنجا میلی گرام سۆلفاتی فروس کە ئەندازەی سی میلی گرام ئاسنە بخۆن، کەچی گروپیکی دیکە بۆ هەمان ژمارە کەپسولی بەبێ ئاسنیان پێشنیار کرد، پشکنین و ئەزموونەکانی دوایی پێشانی دابوو کە ژمارەی ئەو ژنانەی کە گوشاری خوێنیان بەرزە لەو گروپە بوونە کە کەپسولی ئاسنداریان بەکارهێناوە. گوشاری بەرزی خوێنیش دەتوانێ گرفت و دەردەسەری بۆ ژنەکەو بۆ منداڵەکەی گرفت دروست بکات.

مخابن زۆربەی وڵاتان کەپسولی تەواوکاری ئاسندار وەک رێگەچارەی نەخۆشیەکانی ژنانی باردار بەکار دەهێنن کە ئەمەش گرفت و دەردەسەری بەدوای خۆیەوە دەهێنێ.

دکتۆر سەعیدە زیایی مامۆستای زانستگەی پەروەردەی تاران کە سەرپەرشتی ئەو لێکۆڵینەوەیەی کردووە گوتویەتی: لێکۆڵینەوەی ئێمە پێشانی داوە پێدانی دەنکۆڵەو کەپسول و دەرمانی ئاسندار بەو ژنانەی کە نەخۆشی کەم خوێنیان نیە زیانی زۆری هەیە. هەروەها وتەبێژێکی زانستگەی کالجی مامانی و لەدایکبوونی بەریتانیا گوتویەتی: دەبێ ژنان خۆیان لە بەکارهێنانی کەپسولەکانی ئاسندار بپارێزن. تەنیا ئەو دەرمانانەش بەکار بهێنن کە پزیشک و پسپۆڕی تایبەتی بوارەکانی مامانی و زایاندن بۆیان دەنووسن.

لێکۆڵەرەوانی زانستی پزیشکی بەو ژنە باردارانەی کە دەیانەوێ منداڵەکانیان بە سەلامەتی بێتنە دنیاوە هۆشداری دەدەن و ئامۆژگاریان دەکەن کە خۆیان لە دەرمانی ئەسپرین و ئارامی بەخشەکان بپارێزن. لێکۆڵەرەوان پێیانوایە کە ئەو جۆرە دەرمانانە کار لە کۆرپەڵە دەکەن و لە باری دەچووێنن.

لێکۆڵینەوەیەکی زانستگەیەکی کالیفۆرنیا کە لەسەر هەزار ژنی باردار ئەنجام دراوە، دەریخستووە کە بەکارهێنانی دەرمانی ئارامی بەخشی وەک ئەسپرین بە رێژەی ٨٠% مەترسی لەباربردنی کۆرپەڵەی هەیە. لێکۆڵینەوەکە دەڵێ پاراستیتۆلیش کاریگەری زۆری لەسەر لەبارچوونی کۆرپەڵە هەیە، بەوهۆیەوە رێنوێنی ژنانی باردار دەکات کە بەهیچ شێوەیەک ئەسپرین و پاراستیتۆل بەکار نەهێنن.

لەلایەکی دیکەشەوە پزیشکانی بواری مامانی و زایاندن رێنوێنی و ئامۆژگاری ژنان و پیاوان دەکەن کە بەبێ بەرنامەی پێشنیارکراو هەوڵی هێنانە دنیای منداڵان نەدەن. ئەو ژن و مێردانەی کە دەیانەوێ منداڵیش دروست بکەن، دەبێ پێشتر پرس و راوێژ بە پزیشک و پسپۆڕانی ئەو بوارانە بکەن، چونکە لەوانەیە بۆ خۆیان ئاگایان لە نەخۆشیەکانی خۆیان نەبێ و نەخۆشیەکانیان بۆ کۆرپەکانیان بگوازرێتەوە، هەندێک لەو نەخۆشیانە تا کۆتایی تەمەن بەرۆکی منداڵەکانیان بەرنادەن.

بڵاوکراوەی زانستی مامانی کە لە سکۆتلاند دەردەچێ لە دوایین ژمارەی خۆیدا ئاماژەی بەو رێگەچارە دێرینانە داوە کە لە نێو کۆمەڵگەی تورکیا و ئێران لەکاتی بارداریدا بەڕێوەدەچن، هەڵبەت لە کۆمەڵگەی کوردستانیشدا رێگەچارەی کوردەواری هەن کە لەکاتی بارداریدا مامانەکان و ژنانی شارەزا بەکاریان دەهێنن یان رێنوێنی ژنانی باردار دەکەن. زۆرینەی ژنانی کۆمەڵگەی ئاسیایی بۆ رزگاربوونی بێ گرفت باوەڕیان بە خێر هەیە و پێیانوایە ئەگەر خێرێک لە خۆیان بگرن، خۆیان و کۆرپەڵەکانیان رزگاریان دەبێ!! لێکۆڵینەوەکە ئەمانە بە رێگەچارەی دەروونی دادەنێ و رەتیان ناکاتەوە. بۆ نموونە ئەو ژنانەی کە دەیانەوێ کوڕیان ببێ لەسەر تەنیشتی راست دەخەون، ئەوانەی حەزیشیان لە کچە لەسەر کەلاکەی چەپ دەخەون. هەرچەندە ئەو بۆچوونانە هیچ لێکدانەوەیەکی زانستیان نیە، بەڵام دیسانەوە سێبوری بە ژنانی باردار دەدات و نەخۆشیەکانیان ئارام تر دەکاتەوە.

لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لە ئەمریکا ئاشکرای کردووە کە کۆرپەڵە تا بیست و نۆیەمین هەفتە هەست بە ئازار ناکات، بۆیە ئامۆژگاری ژنانی باردار دەکات کە ئەگەر دوای هەفتەی بیست و نۆیەم ویستیان کۆرپەڵەکەیان لەباربەن، دەبێ بیر لەوە بکەنەوەو بزانن کە کۆرپەڵەکە هەست بە ئازار و ژانی لە باربردن دەکات.

وێڕای هەموو ئەوانەشەوە پسپۆڕانی بواری مامانی ئامۆژگاری ژنانی باردار دەکەن کە گوشاری دەروونی بەسەر خۆیانەوە سەخت نەکەنەوە، چونکە گوشاری دەروونی و هەواڵی ترسناک و ناوەخت کۆرپەڵە بەرەو لەبارچوون دەبەن، ئەگەر لە باریشی نەبەن کاریگەری خراپ لەسەر داهاتووی دروست دەکەن.